# دیاردەی هەژاری و کارەساتە سروشتیەکان
# لە کوردستان لە سەردەمی عەباسی(١٣٢-٦٥٦ك)

# ظاهرة الفقر و الكوارث الطبيعية
# فی کوردستان خلال العصر العباسی(١٣٢-٦٥٦ه)

# Poverty and natural disasters
# in Kurdistan during the Abbasid period (132-656 AH)

**فرید ناصر محمد [١] ،حکیم احمد مام بکر [٢]**
[٢،١] بەشی مێژوو ، کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: naser_farid@yahoo.com

**پوختە :**

ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی روونکردنەوەی دیاردەی هەژاریە کە بە هۆی کارەساتە سروشتیەکان پەیدا بووە لە سەردەمی عەباسی لە کوردستان ، خستنە رووی داتا و زانیاری مێژووی لە سەر کارەساتە سروشتیەکان لە رووی شوێن و کاتی روودانی کارەساتەکان ، کاریگەری ئەم دیاردە سروشتیانە لە سەر چەمکی هەژاری وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. کە بەو هۆیەوە خەڵکی کوردستان و دانیشتوانەکەی توشی نەهامەتی و قات و قری و کۆچکردن بوونەتەوە، ژێرخانی ئابووری لە سامانی ئاژەڵ و کشتوکاڵ رەزو باخەکان تێکچوون بە هۆی ئەم رووداوانەوە، ئەم توێژینەوەیە کراوە بە سێ باسەوە لە باسی یەکەم سنووری جوگرافیایی کوردستان خراوەتە روو گرنگترین هەرێمەکان دیاری کراون ، لە باسی دووەم بە شێوەیەکی گشتی جوگرافیایی سروشتی کوردستان خراوەتە روو ، هەرچی باسی سێیەمە تەرخان کراوە بۆ کارەساتە سروشتیەکان و کاریگەریان لە سەر دیاردەی هەژاری.

**ووشە کلیلیەکان:** هەژاری ، بوومەلەرزە ، قات وقری ، ووشکە ساڵی ، لافاو .

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10515 |
| رێککەوتەکان | رێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/٣ \| رێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٤/١٢ \| رێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٣/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | naser_farid@yahoo.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٤ فرید ناصر محمد ،پ.د.حکیم احمد مام بکر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر رەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**الملخص:**

يهدف هذا البحث إلى شرح ظاهرة الفقر التي سببتها الكوارث الطبيعية في كوردستان خلال العصر العباسي ، وكذلك عرض البيانات والمعلومات التاريخية عن الكوارث الطبيعية من حيث موقعها ووقتها ، وتأثير هذه الظواهر الطبيعية على مفهوم الفقر. كظاهرة اجتماعية. نتيجة لذلك ، عانى شعب كوردستان وسكانه من البؤس والفقر والهجرة ودمرت البنية التحتية الاقتصادية للماشية والزراعة والمزارع والحدائق بسبب تلك الأحداث ، تم تدميرها ، ينقسم هذا بحث على الثلاثة أجزاء ،الجزء الأول يعرض الحدود الجغرافية لكوردستان و تم تحديد أهم أقاليم و مناطق ،والجزء الثاني يعرض الطبيعة الجغرافية كوردستان بشكل عام ،و القسم الثالث مخصص للكوارث الطبيعية وتأثيرها على الفقر.



**الكلمات المفتاحية:** الفقر ، زلزال ، المجاعات ،الجفاف ، الفيضان.



## Abstract:

This research aims to explain the phenomenon of poverty caused by natural disasters in Kurdistan during the Abbasid period, presenting historical data and information on natural disasters in terms of location and time of disasters, the impact of these natural phenomena on the concept of poverty as a social phenomenon. As a result, the people of Kurdistan and its population have suffered misery, poverty, migration, and the economic infrastructure of livestock, agriculture, fields, and gardens have been destroyed due to these events. This research is divided into three sections. In the first section, the geographical boundaries of Kurdistan are presented and the most important regions are identified The second chapter presents the geographical nature of Kurdistan in general, while the third chapter is devoted to natural disasters and their impact on the phenomenon of poverty.



**Keywords:** poverty, earthquake, famines, droughts, floods.


## پێشەكی:

كوردستان لە سەردەمی عەباسی توشی هەژاری و نەهامەتی كۆمەڵایەتی بووە ،ئەمەش بەهۆی كارەساتە سروشتییەكان كەوەك هۆكارێكی سەرەكی بۆسەرهەڵدانی هەژاری لە كوردستان ، سروشتی جوگرافی وولاتی كوردان كاریگەری لەسەر ژیانی ئابوری و كۆمەڵایەتی خەڵكی گشتی و چینەكانی كۆمەڵگای كوردی داناوە. كارەساتە سروشتییەكان دەناسرێن بە كارەساتی لەناكاوی كارەسات بار ،كە بەپێی بەهێزی و ماوەی ڕوودانی زیانەكانی دیاری ئەكرێت. دیاردە سروشتییەكان وەك : (بومەلەرزە و زریان و لافاو و ڕەنوی بەفر و كەوتنەوەی ئاگری دارستانەكان و شەپۆلی گەرمای نائاسای ) كە زۆرجار نەهامەتی و برسییەتی و نەخۆشی گواستراوە ی لێ دەكەوێتەوە ، كە ئەمانەش هۆكارن بۆئەوەی كە خەڵك نەتوانن بەباشی چالاكییە ئابورییەكان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و كشتوكاڵ و ئاژەڵداری بەباشی بكەن . هەربۆیەش تەنگەژەی ئابوری وادەناسرێت ، كە هەركێشەیەك ڕوبدات لە داهات و بەروبومی دەوڵەت هۆكارەكە سروشتی یاخود مرۆی بێت ئەوا كاریگەری پێچەوانەی دەبێت لەسەر دەوڵەت و تاكەكانی كۆمەڵگە ، هەروەك دەزانین كە كشتوكاڵ و و بەروبومە كشتوكالییەكان سەرچاوەی سەرەكی خۆراك و بژێوی مرۆڤن ، ئەگەرچی بازرگانی و پیشەگەریش لەم بوارەدا ڕۆڵی خۆیان هەیە بۆیە هەر نەهامەتی و كەموكورییەك لەبەرهەمی كشتوكاڵی هۆكارێكە بۆ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری مەترسی پەیدابونی هەژاری .بە تایبەتی لە كۆمەڵگەیەكی كشتوكاڵی وەك كۆمەڵگەی كوردستان لەو ماوەیەدا كە سەردەمی توێژینەوەیە ، چەند هۆكارێك مەترسییان لەسەر كشتوكاڵ و باری ئابووری دروست دەكرد كە دەتوانین

بڵێین هەندێکیان هۆکاری سروشتین و پەیوەندیان بە کەش و هەواوە هەبووە ، هەندێکی تریشیان هۆکاری مرۆین و پەیوەندیان بە خودی مرۆڤ لە شەڕ و هێرشکاری و سیاسەتی دەسەڵات دارانەوە هەیە .

**ئامانجی توێژینەوەکە :** ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە باسکردن و هەڵسەنگاندنی کارەساتە سروشتیەکان و کاریگەریان لە سەر هەژاری و نەداری گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی خواردن و پێویستیەکان لە کوردستان.

**ڕێبازی توێژینەوەکە :** توێژەر لە ئامادەکردنی توێژینەوەکە ڕێبازی نمایش کردنی زانیاریەکان و شیکار و هەڵسەنگاندنی بەکار هێناوە و زانیاریەکان خراونەتە ڕوو ، دواتر شیکار و هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە و باس و ئەنجامی کارەساتەکان خراوەتە ڕو.

گرفت و کەم وکورتیەکانی توێژینەوەکە : نەبووینی زانیاری و داتای بەهێز لە سەرچاوە مێژووییەکان بە تایبەت لە سەرەتاکانی دەسەڵاتی عەباسی زۆربەی ڕووداوەکان کە تۆمار کراون لە سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی بوو، ئەمەش ئاستەنگی بۆ توێژینەوەکە دروست کرد ، هەروەها بە هۆی ئەوەی کە گەڕیدەو جوگرافی ناسەکان لە سەدەکانی دواتر دەرکەوتن و گرنگیان بە تۆماری کارەساتە سروشتیەکان داوە .

## باسی یەکەم:

## جوگرافیایی سنووری هەرێمەکانی وڵاتی کوردان :-

مەبەست لە کوردستان هەموو ئەو ناوچانە ئاوەدانانەیە کە کوردی تێدا نیشتەجێ بووە و دابەشی چەند هەرێمێك کراون ، کە لە لایەن مێژوونوسان و وڵاتناسان بە چەند ناوێکی جیاواز ناوبراون وەك :هەرێمی چیا ، جزیرەی ئیبن عومەر ، ئەرمینیا ، خوزستان ، شارەزوور و ئاران و ئازەربایجان ( امین زەکی : ٢٠٠٣ ، ج ٢ ،ص ١٤ ) . دیاری کردنی سنووری هەرێمەکانی وڵاتی کوردان لە لایەن مێژوونوسان و توێژەران لەسەردەمی نوێ ڕووبەڕووی چەند کێشەو گیروگرفتێك بوونەتەوە ، چونکە سنووری ئیداری و کارگێری هەرێمەکانی وڵاتی کوردان گۆرانکاریان بەسەردا هاتووە ، لە هەمانکاتدا خەڵکی کوردستان بەشێکی ژیانی کۆچەری و نیمچە کۆچەری هەڵبژاردووە ، ئەم گۆڕانکاریەش لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان وای کردووە بە ئاسانی نەتوانرێت نەخشەیەکی جوگرافی بۆ کوردستان بکێشرێت ، ئەمەش بە هۆی بارودۆخی سیاسی و پەلامارە سەربازییەکان بۆ سەر کوردستان و هێرش و داگیرکاری هێزە دەرەکیەکان کە ناچاریان کردوون کۆچ بکەن.(بەدلیسی : ٢٠١٠ ،ج ٦ ،ل٩٣-١٠١) ( قاسملو : د.ت ص ١١-١٣) (تۆفیق :٢٠٠١ ،ص ٤١-٤٥ ).

## لە گرنگترین هەرێمەکانی وڵاتی کوردان :

١-هەرێمی چیاکان : بە هەرێمی چیا ناو دەبرێت چونکە زۆربەی ناوچەکە لە چیا پێکهاتووە ( مرعی : ٢٠٠٥ ، ص٣٥) ئەم هەرێمە بە کۆمەڵێك هەرێم دەورە دراوە لە ڕۆژهەڵاتەوە بە بیابانی خوراسان و فارس و ئیسفەهان و ڕۆژهەڵاتی خوزستان دەورە دراوە ، لە ڕۆژئاوای هەرێمەکە ئازربایجان وە لە لای باشوری بەشێك لە عێراق و لە ڕووی باکووری وڵاتی دەیلەم و قەزوین و ڕەی دەورەیان داوە. ( ابن حوقل : ١٩٧٩، ص ٣٠٤ ) ( ابو الفداء : ١٨٤٠ ، ص ٤٠٨) ئەم هەرێمە چەند ناوێکیان پێ ووتوە وەك (قوهستان ، وڵاتی بەهلەوی ) لە سەردەمی سەلجوقیەکان بە عێراق عەجەمی ناسراوە لەمەشەوە دەردەکەوێت کە سەلجوقیەکان شێوازێکی تایبەتیان پەیڕەو کردوە لە فەرمانڕەوایەتی کردنی ناوچەکەدا و گۆڕانکاریان بە سەر شێوازی پێشودا هێناوە.

لە هەرێمی چیا چەند شارێکی گرنگ بەدی دەکرێن : هەمەدان ،دینوەر ، حڵوان ، ئەسەد ئاباد ، کەنگەوەر .....هتد ( محمد : ٢٠١٣ ،ل ١٧) ( الاصطغری : د.ت ، ج ٧ ، ص ٤١ )

٢-هەرێمی جەزیرە:- یەکێکە لە هەرێمە کوردییەکان ، هەرێمی (تاقور)شی پێدەوترێت لەبەر ئەوە بە جەزیرە ناوبراوە ، چونکە کەوتوەتە نێوان ڕووباری دیجلە و فورات ، لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت ( دیار رەبیعە ، دیاربکر ، دیار مضر ) هاوتەریبی وڵاتی ڕۆمە. ( ابن الفقیة :١٨٨٥ ، ص ١٢٨ ) ( ابن عبدالحق : ١٩٥٤ ، ج١ ،ص ٢٥٣ ).لە ڕووی کەش و هەوا زستانی باراناوی و هاوینی ووشکە هەرێمێکی پڕ لە شار ناسراوە لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوری خەتاب ڕزگارکراوە ، لە چەند شارێك پێکدێت ( ئامەد ، میافارقین ، اربیل(هەولیر) ، حصن کیفا ، نوسەیبین ،جەزیرەی ابن عمر ، ماردین ، ڕوها ،حران ، موسڵ ، سنجار ) ( توفیق :١٩٩٤ ، ص ٢٤ -٢٥ ) ( المقدسی :١٩٣٦ ، ص ١٢٤) ( سوادی : ١٩٨٩ ، ص ٤٢ ) .

٣-هەرێمی ئازەربایجان :-ئەم هەرێمەش یەکێکە لە هەرێمە کوردیەکان بەشی باکوری ڕۆژئاوای ئێرانە لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی زایینی بە ئازەربایجان ناسراوە ، ئەم هەرێمە لە لایەن هەندێك لە وڵاتناسان بە هەرێمی ریحاب ناسراوە کە هەرسێ هەرێمی ئازربایجان و ئاران ئەرمینیا دەگرێتەوە بە هۆی هاوسنوری و تێکەڵیان.( محمد : ٢٠١٣ ، ل ١٩ ).سنووری هەرێمی ئازەربایجان لە ڕۆژهەڵاتیەوە وڵاتی دەیلم و چیایی گەیلان و ڕۆژئاوای دەریایی خەزر بوو ، ئەرمینیا و باکوری جەزیرە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ، هەرێمی چیاش دەکەوێتە باشووری ، هەرێمی ئاران دەکەوێتە بەشی باکوری ، لە چەند شارێك پێك دێت( سەڵماس و ورمێ و مەراغە و شنۆ ( أشنە ) ، مەرەند ....هتد ) .( النقشبندی : ١٩٨٥ ، ص ٣٧ -٣٨ ) ( الربوة : ١٩٨٨ ، ص ٢١٥ ) ( المقدسی :١٩٣٦ ، ص ٢٨١)

٤-هەرێمی ئەرمینیا : ئەم هەرێمە دەکەوێتە ئەوپەری زەوییەکانی باشووری چیایی قەوقاز لە ڕۆژهەڵاتیەوە هەرێمی ئازربایجان و لە ڕۆژئاوایدا وڵاتی ڕۆم هاوسنوریەتی ، لە نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش زایین ناوچەی دەریاچەی وان کە بە ناوی کاردا (karda)دەناسرا کە واتای کوردی دەگەیاند، لەچەند شارێك پێك دێت وەك ( خەڵات ، ئەرجیش ، بارکری ، مەلازگرد ، بەدلیس دەگرێتەوە ). ( نیشتمان :٢٠٠٦ ، ل ٣٦ ) (مینورسکی :١٩٦٨ ، ص ١٤ ) ( یاقوت الحموی :١٩٩٥ ، ج ١ ، ص ١٦٠ )

٥-هەرێمی ئاران :- دەکەوێتە چوارچێوەی هەرێمە کوردیەکان ، کورد ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی پێك دەهێنێت ، جگە لەوەش لە سەر خاکی ئەم هەرێمە میرنشینێکی کوردی بە ناوی میرنشینی شەدادی ( ٣٤٠-٥٩٥ ك / ٩١٥-١١٩٨ ز )سەری هەڵداوە.( محمد ٢٠١٣ ، ل ٢٠ ) ئەم هەرێمە باکووری ڕۆژئاوای ڕووباری ئاراسە و لە ڕۆژهەڵاتی دەریایی قەزوینە ، لە باشووری هەرێمی ئازەربایجان و لە باکووری زنجیرە چیایی قەبەقەوە ، ئەرمینیا و وڵاتی گورج دەکەونە ڕۆژئاوای ، بنکەی هەرێمی ئاران بەرزەعەیە.وە شارەکانی گەنجە ، تەفلیس ، باب ال ئەبواب ، شروان ، شماخی ، شمکور ، شابران ، شنوی ، بەیلەقان ، مەسقەد دەگرێتەوە.( رسول :٢٠٠١ ، ص ٣٤).

## باسی دووەم

## جوگرافیایی سروستی کوردستان.

### یەکەم :- سروشت و بەرز و نزمی.

بە گوێرەی دابەشکردنی جوگرافیناس سهراب بۆ هەرێمەکان و ناوچە کوردیەکان بەشێکی زۆری دەکەوێتە هەرێمی چوارەم ( سهراب : ١٩٢٩ ،ص ٣٢ ) وە لە شوێنگەی فەلەکیەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو هێڵی درێژی ( ٣٠-٤٠) پلەی ڕۆژهەڵات وە ( ٣٧ -٤٨ )پلە لە ڕۆژ ئاوا ، وڵاتێکی شاخاویە وکەش و هەواکەی لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر جیاوازە ، بە هۆی ئەم شوێنگەیە وای کردووە کە لە پشتێنەی بومەلەرزە نزیك بێت بەتایبەت لەو شوێنەی کە هەردوو پلێتی ئێرانی و عەرەبی بە یەك دەگەن.( حکیم احمد :٢٠٠٩، ص ٩٩) ( خنسی :٢٠١٢ ، ل ١٣٥ ).

شێوەی بەرز و نزمی پێك دێت لە :

١-چیاکان : شێوەی سروشتی شاخەکانی کوردستان لە شێوەی ( هیلال ، کەوان ) دا خۆی نیشان دەدات ، هەر وەکو سەرەتاکەی لە شاری خانەقین دەست پێ دەکات کۆتا بەشی لە نزیك خاپور کۆتایی دێت ، وە لە گرنگترین چیاکانی ئاراراتە ، زنجیرە چیا لە هەموو لایەکەوە دەوری

کوردستانیان داوە کوردستان بە گشتی شێوە بەرزیەکەی زۆرە لە نزیکەی ( ١٠٠٠ – ١٤٠٠ ) مەتر لە ڕووی دەریاوە بەرزە ئەم سیفەتەش وای کردوە ناوچەکە بەفرو بارانی زۆر بێت.( قاسملو :د.ت ، ص١٣)

٢-گردەکان : ئەم دیاردەیەش بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستانی گرتوەتەوە لە دوای چیاکانەوە لە ڕووی بڵاوی و پانتاییەوە ، تەنانەت کوردستان بە وڵاتی چیاو گردەکان ناسراوە ، هەندێك لە شارەکانی کوردستان لە سەر گردەکان دروست کراون وەك حلوان( سوسە : ١٩٤٥ ، ج ١ ، ص ٣) بە بڕوای ئێمە هۆکاری دروست کردنی شار لە سەر گردەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو گردانە ناوچەی دەشتایی لەبەردەمیاندا هەیە کە ناوچەی بە پیت و فەرن بۆ کشتوکاڵ ، هەروەها بۆ پارێزگاری کردن لە شارو قەڵای پتەویان دروست دەکرد کە دەیانتوانی بەرامبەر هێرشەکان بوەستن ، هەروەها بە هۆی نزمیان توانراوە ئاوی ڕووبارەکانیان بۆ بکێشرێت.

٣-ڕووبارەکان : ڕووبار و دەریاچەکان بەشێکی گرنگی سروشتی جوگرافی کوردستان پێك دەهێنن وەك ڕووباری دیجلە و فورات ، ڕووباری ئاراس و سیروان ، دەریاچەکانیش وەك ئورمیە ، وان ، زریباکول ، دەریاچەی ئەرجیش. ( غفور : ٢٠١٣ ، ل ٦١-٧٦ ).

٤-دەشتەکان : یەکێکی تر لە دیاردە سروشتیەکانی کوردستان بریتیە لە بوونی دەشتەکان بە شێوەی ڕاست کە بە پیتن و پشت بە باران دەبەستن ، ئەمەش وای کردووە کە کوشتوکاڵ تێیدا سەرکەوتووبێت . ( سوسە :١٩٤٥ ، ص ٣ ).

## دووەم :- کەش و هەوا.

سەرەرای ئەو سەختیەیی کە کوردستان هەیەتی لە بەرز و نزمی و چیا و دۆڵەکان و ئاڵۆزی ڕێگاکانی لە هەمانکاتدا کەش و هەواش دەبێتە یەکێکی تر لە بەژداربوانی ئەو سەختیانەی دەهاتنە بەردەم ژیانی کوردان.کوردستان لە زۆربەی ناوچەکانی کەش و هەواکەی بەفرو باراناویە بەتایبەت ناوچە شاخاویەکانی ، سەرەرای هەبوونی زریانە بەفرینەکان.

لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاو هەوای کوردستان بریتین لە :

١-پلەی گەرما : تێکرای پلەی گەرمای ساڵ لە کوردستان لە دەورو بەری ( ١٥) پلەی سیلیزیدایە واتە ئاو هەوای لە ڕووی گەرمیەوە فێنکە و بە گشتی وڵاتێکی گەرم نیە، ئەمەش بۆ شوێنگەی جوگرافی کوردستان لە ناوچەی فێنکی باکور دەگەڕێتەوە.( خضباك: ١٩٧٢ ، ص ٤٦).

٢-باران و بەفر : کوردستان وڵاتێکی ساردە و بەفرو بارانی زۆر لێ دەبارێت ، کە لە هەندێك ساڵدا بەشێك لە ناوچەکانی ڕێژەی بەفر بارین تیایدا لە یەك مەتر زیاترە ، هەر وەکو وڵاتناس (ابن حوقل)لە باسی شاری حلوان ئاماژە بەوە دەکات بە درێژای ساڵ بەفری لێ ناتوێتەوە. ( ابن حوقل : ١٩٧٩ : ص ٣٦٨) .بەفرو باران لە ڕەگەزە گرنگەکانی کەش و هەوای کوردستانن کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر ژیانی ئاسای خەڵك هەیە، بە هۆی زیان گەیاندن بە کوشتوکاڵ بووەتە هۆکاری برسیەتی و هەژاری ئەوەش بە هۆی کەم بوونەوە کاڵاکان و گران بوونی خواردنە سەرەکیەکان.(الغسانی : ١٩٧٥ ،ص ٤٢٩) وە یاخود جاری وا هەبووە ە هۆی بەفرەوە ڕێگەکانی بازرگانی و هاتوچۆ گیراون بە تایبەتی ڕێگای نێوان شاری حلوان لەگەڵ بەغداد.( کاکە یاسین : ٢٠١٣ : ل ٢٧) .بێگوومان مەبەست لە خواردنی سەرەکی لە کوردستان بریتیی بوە لە گەنم و دانەوێڵە سامانی ئاژەڵی کە زۆرو کەمی باران و بەفر ڕێژەی خواردنی ساڵانەی کەسی دیاری کردوە "هەربۆیە زەرو زیانی باران و بەفر لەسەر دیاردەی هەژاری کاریگەر بوە .

## باسی سێیەم
## کارەساتە سروشتیەکان کاریگەریان لە سەر بڵاوبوونەوەی دیاردەی هەژاری.

کارەساتە سروشتیەکان:- پێناسە دەکرێن بە کارەساتی لە ناکاو ڕوداوی سروشتی کە ڕوو دەدەن ، دەبنە هۆی مردن یان بریندار بوونی ژمارەیەکی کەم یاخود زۆر لە خەڵك و زیانێکی گەورە لە ماڵ و سامان و باڵەخانەکان نیشتەنیەکان دەدەن، خەڵکێکی زۆر زەرەر مەندو


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

سەرگەردان دەبن. ئەم جۆرە کارەساتانە بومەلەرزە و لەرزینە زەویەکان دەگرێتەوە ، هەروەها کارەساتە سروشتیەکان و هەڵچونی گرکانەکان، ڕنیە سەهۆڵبەندەکان ، هەروەها ڕەنوی بەفری چیاکان، ئاگرە گەورەکان، شەپۆلی گەرمی نا ئاسایی کە خەڵکی سەرزەوی بە گشتی توشیان دەبێت .(الجبوری : ٢٠٠٧ ، ص ١ )

بەڵام ئەوەی تایبەتە بە ناوچە کوردییەکان لە سەردەمی عەباسی ئەوە کارەساتە سروشتیەکان کاریگەری گەورە لە سەر ژیانی گشتی جێدەهێڵی، ئەمەش بووەتە هۆی لە ناوبردنی ژمارەیەکی زۆر دەستی کارو کێڵگە کوشتوکاڵیەکان ، بەتایبەتیش وەك دەزانین کۆمەڵگەی کوردی لەو سەردەمەدا کۆمەڵگەیەکی کوشتوکاڵی بووە، ئاژەڵداری و شینایی کردن بە کوڵەکەی ژیانیان دادەنرا بۆیە تەنانەت بچوکترین گۆڕانکاری لە جۆری کەش و هەوادا کاریگەری دەبوو لە سەر ژیانی ئاسای خەڵك.( فغری الوصیف:د.ت ، ص١)ئەم کارەساتانە کاریگەری گەورەیان لەسەر ئابووری کوردستان داناوە، ئەنجامی ئەم کارەساتانە بریتی بووە لە هەژاری و گرانی و برسیەتی، هەروەها خراپ بوونی ئابووری بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ کە ژیانی خەڵکی ئاسایی تێك چووە بە هۆی کارەساتەکان.

## گرنگترین کارەساتە سروشتیەکان :-

## یەکەم:بومەلەرزە:

وێکهاتنەوەیەکی لە ناکاوی توندی ڕووی زەوییە کە هەمووکەلێن و بۆشاییەکی نێوان خۆی پڕ دەکاتەوە یان دادەخات ، هۆیەکەشی جوڵانەوەیەکی خێرای توێکڵە بەردینەکەی خۆیەتی ، ئەم دیاردەیە لە کاتی دەرپەڕینێکی لە ناکاوی وزە هەڵپسێراو نێو ناخی زەویی ڕوودەدات. کە هەمیشە لە شێوەی پاڵە پەستۆی گرژبوونەوە یان لێک راکێشانەوە دەست پێ دەکات و ئەو وزەیەش بە هۆی شەپۆلە لەرزینەکانەوە دەگاتە ڕووی زەوی.(هەروتی : ٢٠١٥ ، ل ٦١) ( الدوری : ١٩٩٦ ، ص١٨٠)ابن منظور لە کتێبی ( لسان العرب) دەڵێت (الزلزة ) بە مانای جولەی شتێك دێت ( وزلزل الله الارض زلزلة و زلزالا) بەڵگەش دەهێنێتەوە بە ئایەتی(اذَا زُلْزِلَتِ الْأَرْضُ زِلْزَالَهَا) (سورة الزلزلة ئایەتی١) واتە (کاتێك زەوی هاتە لەرزە بە لەرزینی خۆی )(ابن منظور : د. ت ،

ج ١١ ،ص ٣٠٧-٣٠٨)( مەلا صالح :٢٠٠٤ ، ل ٥٩٩) .لە قورئانی پیرۆز هاوتای بومەلەرزە هاتووە بە ( الرجفة ) خوای گەورە لە سورەتی الاعراف ئایەتی ١٥٥دەفەرموێت(فَلَمَّا أَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ قَالَ رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُمْ مِنْ قَبْلُ وَإِيَّايَ) جیاوازی ( الرجفة ) (الزلزلة ) ئەوەیە کە رجفە بریتیە لە بومەلەرزەیەکی بەهێز . (العسکری : ١٩٩١ ، ص ٢٣٩)لە ماوەی توێژینەکەدا کوردستان ڕووبەڕووی ژمارەیەك بومەلەرزەی جۆراو جۆر لە گوڕو کات و شوێنی جیاوازدا بوونەتەوە کە زیانی گیانی و ئابووری زۆری بە خەڵکەکەی گەیاندووە ، هەروەها ناوهێنانی شوێنەکانیان لە سەرچاوەکان هەندێ جار بە دیاری کراوی بووە ئاماژەی بە شوێنەکە کردووە هەنێ جاریش بە ناوی بومەلەرزەی گشتی باسیان کردوە ، دەکرێت بوترێت ئەو گشتیە مەبەستی لە ناوچە کوردیەکانیش بێت، یان دەتوانین بڵیین دوو جۆر بومەلەرزە هەبووە کە یەکەمیان بە گشتی ناوچەکانی دەستەڵاتی عەباسی گرتوتەوە ، جۆری دوەمیان تەنیا ناوچەکانی کوردستانی گرتوەتەوە کە بە هەر شێوەیەك بێت زەرەرو زیانەکان بەر خەڵکی ڕەشۆکی و هەژار کەوتوە.(هەروتی : ٢٠١٥ ، ل ١٧٨)

لە گرنگترین بومەلەرزەکان کە بەر ناوچەکانی کوردستان کەوتووە لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی لەلایەن مێژوونوسان ئاماژەی پێ کراوە، هۆکاری ئەوەش بە هۆی بارودۆخی پشێوەی سەرەتاکانی دەوڵەتی عەباسی دەگەڕێتەوە ، کە مێژوونوسان و جوگرافی زانان نەیان پرژاوەتە سەر داتاو زانیاری وردی ڕووداوەکان تەنیا بە شێوەیەکی گشتی زەرەرو زیانەکانی کارەساتە سروشتەکانیان خراونەتە ڕوو.لە ساڵی (٢٢٦ ك-٨٤٠ز ) لە شاری ئەرزەڕۆم بومەلەرزەیەکی بەهێز ڕووی دا کە بەهۆیەوە هەژدە لە بورجەکانی کەوتنە خوارەوە.( ابن العبری : ٢٠٠٥ : ص ٣٤) ،بێگومان ئەمەش زەرەرو زیانی ئابووری گەورەی بە دوای خۆیدا هێناوە وە لە ساڵی ( ٢٣٢ك-٨٤٦ز) ،زەمین لەرزە لە ناوچەکانی موسڵی دا و زەرەو زیانی کۆمەڵاتی و ئابووری لێ کەوتەوە کە نزیکەی پەنجا هەزار کەس مردن وە زۆربەی خانوەکانی ناوچەکە روخان.( السیوطی

: ٢٠٠٣ ، ص٣٤٧ )،دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە ژماردنی زەرەو زیانەکان و مردنی خەڵکی لە کاتی بومەلەرزەو زیانەکان و کارەساتەکان ،زیادە ڕەوی کراوە لە ژمارەی قوربانیەکان لەلایەن مێژوو نوسان، جونکە لەوکاتەدا سەرژمێری تەواوەتی نەکراون بۆ زەرەو زیانەکان تەنیا بە شێوەی زارەکی ئەم هەواڵانەیان پێگەیشتوەو بە هۆی فراوانی ناوچە زیان لێکەوتوەکان نەپرژاونەتە سەر سەرژمێریەکی دروست. لە ساڵی ( ٢٤٢ك-٨٥٦ز) چەند زەمین لەرزەیەکی بەهێز ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئیسلامی گرتەوە لە مانگی شعباندا، ئەمەش زەرەو زیانی ئابووری بەر شاری ( قومس) کەوت،هەروەها لە ساڵی ( ٢٤٥ك-٨٥٩ ز) زەمین لەرزە ناوچەکانی ( بالس ، حران و (راس العين –سەرێ کانی) گرتەوە،لە ساڵی (٢٨٠ك -٨٩٣ز) زەمین لەرزە لە ناوچەی (دبيل) دا چەندین خانوو رووخان و ( ١٥٠ ) هەزارکەس مردن ڕەوشی سروشتی شوێنەواری خراپی لە سەر ژیانی کۆمەڵگەی کوردی جێهێشتوە ، کارەساتە سروشتیەکان وەك بومەلەرزە چالاکی مرۆیی پەکخستوە ، زۆر خانوو تەلاری وێران کردووە، بووەتە هۆی کۆچکردن و گرانی و بڵاوبونەوەی برسیەتی سەرباری کاریگەریە دەرونیەکان بە هۆی بڵاوبونەوەی ترس لەوکارەساتانە. ( عزەت : ٢٠١٤ ، ل٢٢٤ )لە ساڵی ( ٣٩٨ك – ٩٥٦ز ) لە (هەمدان) زەمین لەرزە ڕوویداوە، هەروەها لە ساڵی ( ٣٩٨ ك -١٠٠٧ز ) لە ( دینوەری) داوە ، هەروەها لە ساڵی ( ٤٣٨ ك -١٠٤٦ز ) لە ناوچەکانی (خەڵات و دیاربکر) روداوە، ابن قلانسی ئاماژە بە بومەلەرزەیەك دەکات لە ساڵی ( ٥٣٢ك – ١١٣٧ز) کە ناوچەی جەزیرەی گرتوەتەوە بە هۆی بەهێزیەکەی لە شاری موسل هەستی پێ کراوە چەندین شوێن خراپ بووە و خەڵکی مردون و لەناوچوون بوەتە هۆی کۆچ کردن.( ابن القلانسى : ١٩٠٨ ، ص ٢٦٣) ( مها سعيد : ٢٠١١ ، ص ٨٤) ( العبوش : ٢٠٠٥ ، ص ١١٥ )

لەم ساڵەدا ( ٥٣٤ ك-١١٣٨ز) بومەلەرزەیەکی گەورەتر لە هەموو ناوچەکانی شاری گەنجە ڕوویدا کە بە گوێرەی ووتەی (ابن الجوزی ) دوسەدو سی هەزار کەسی کوشتوە، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەم ژمارانە زیادەڕەوی زۆریان تێدا کردوە ، لە درێژەی ووتەکانی بەهۆی ڕۆچوونی زەوی لە شارەکە ئاوێکی ڕەش دەرکەوتووە ، ئەو بازرگانانەی خەڵکی شارەکە بوون لە دوای ڕووداوەکە گەڕاونەتەوە لەسەر گۆڕی مردوەکانیان گریاون.(ابن الجوزي : ١٩٩٥ ، ج ١٠ ،ص ٣١١).ئەمەش ڕادەی ترس و زیانە ئابوریەکان بووە بۆیە باسی بازرگانەکان کراوە. بە گوێرەی ووتەی هەندێك لە مێژوو نوسان ئەم بومەلەرزەیە گشتی بووە بە تایبەتی لە شاری حەلەب گورەکەی زۆر بەهێزتر بووە شورە و تاوەرەکانی شارەکە ڕووخاون.(سبط ابن الجوزي :١٩٥٢ ،ج ٨، ق١ ، ص ١٦٩ ). لە ساڵی ( ٥٧٤ك -١١٧٩ز) بومەلەرزە شارەکانی هەولێرو ئەرمینیا و وڵاتی ئۆزبەگی گرتەوە ، ئەوەندە بەهێز بووە چیاکان خۆیان بە یەکتردا کێشاوە و گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان.( السيوطى : ١٩٨٧،ص ١٩٣-١٩٤ )بە هۆی ئەم بومەلەرزەیەوە (ابن المستوفي) ئاماژە بە گرانی دەکات لە شاری هەولێر.( ابن المستوفى :١٩٨٠ ، ق ٥ ،ص ٢١٤).

لە ساڵی (٥٩٧ك -١٢٠٠ز) یەکێك لەو بومەلەرزانە ڕوویداوە کە لە زۆرترین سەرچاوەی مێژووی ئاماژەی پێکراوە لەبەرگشتگیریەکەی کە ناوچەکانی هەرێمی جەزیرەو موسڵ و خەلاتی تێدا بووە لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە بینا و دام و دەزگای ئاینی و تەندروسی و خانوو ڕووخاون.( الذهبي : ١٩٩٧ ،ص ٣٦-٣٧)،هەروەها لە ساڵی (٦٢٣ ك – ١٢٢٦ز) بومەلەرزەیەك لە ناوچەی شارەزوری داوە و زۆربەی دارماندوە بە تایبەتی قەڵا سەرەکیەکەی وێرای شەش قەڵای دیکە ، لە شارەزوور چەندین گوند و ئاوەدانی کە زۆربەی ڕوخاون.( ابن الاثير :٢٠٠٩ ،ج١٢ ,ص ٢٣٠)

## دووەم :-ووشکەساڵی :

ووشکەساڵی یەکێکە لە هۆکارەکانی هەژاری لە کوردستان کە چەند ساڵێك و ماوە ماوە دووبارە بووەتەوە لە ساڵی ( ٢٨٣ك -٨٩٦ز) لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی عەباسی ووشکە ساڵی ڕوویدا ئاو نەما لە ناوچەکە ، زۆربەی جۆگەو ڕووبارو بیرەکان وشك بوون و کانیەکان کوێر بوونەوە ، بەشێکی زۆریش لە گیانەوەرەکانیش مردن، ئەمەش بە هۆی بێ بارانی بوو.( الدواداری:١٩٩٢ ، ج ٥ ،ص ٣٠١-٣٠٢)،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کەمی باران و وشکە ساڵی هۆکاری برسیەتی بووە لە ساڵی (٤٢٣ ك -١٠٣١ز) بە هۆی وشکە ساڵی لە موسڵ گرانیەکی توند پەیدا بوو، نرخەکان بەرز بوونەوە و بەرهەم کەمی کرد.( ابن الاثير : ٢٠٠٩ ،ج ٨ ، ص ٢٠٥) چەند ساڵ دواتر لە ساڵی ( ٤٣٩ ك – ١٠٤٧ز) لە ناوچەکانی موسڵ برسیەتی ڕوویدا بە جۆرێك کەل و پەل وخۆراك لە بازارەکاندا نەما وە خەڵکی زۆر نارەحەت بوون بە جۆرێك نرخەکان گران بوون و خواردنی پێویست بۆ نەخۆشەکان نەبوو، مەنێك ( المن ) ئاو بە نیو دینار بووە، بادەم بە ( ١٥ قيراط ) فرۆشراوە ، هەنار بە دوو قیرات فرۆشراوە و خەیار بە قیراتێك بووە.ئەم برسیەتیە بەردەوام بوو تا ساڵی ( ٤٤٠ك – ١٠٤٨ز).(ابن الاثير)ئاماژە دەکات بە ڕووداوێك لە ساڵی (٥١٢ ك – ١١١٨ ز) بە هۆی کەم بارانی کوشتوکاڵ کردن وەك پێویست نەبووە ، بۆیە دانەوێڵە لە زۆربەی وڵاتدا نەماوە یان کەم بووەتەوە ، نرخەکان زیادیان کردووە ،بەڵام لە هەموو ناوچەکان زیاتر عێراق بەو ڕووداوە کاریگەر بووە لە ساڵی ( ٥١٧ ك- ١١٢٣ ز )، لە زۆربەی وڵاتان نرخ بەرز بوویەوە و گرانی هاتە ئاراوە بە تایبەتیش لە عێراق کە نرخی یەك ( کارە)ی ئارد بە شەش دینارو دە قیرات بوو بەو هۆیەوە خەڵکێکی زۆر مردن لەبەر دەست نەکەوتنی خۆراک بە ئاسانی .(ابن الجوزي :١٩٩٥ ، ج ٨ ، ص ٦٩)( ابن الاثير : ٢٠٠٩ ،ج ١٠ ، ص ٢٨٨).

لە ساڵی (١١٨ك -١١٢٤ز)بە هۆی نەبارینی باران و وشکە ساڵی لە موسڵ و جەزیرەو دیاربەکرو عیراق و شام نرخی خۆراك لەم ناوچانە بەرز بویەوە.( الجبوري : ٢٠٠٧ ،ص ٩) بە ووتەی مێژوونووس ( العظيمی)خەڵك ناچار بوون خەڵکی بخۆن واتە ئەگەر بویسترابوایە لە هەر شوینێك خۆراك بەدەست بهێنرێت نەدەتوانرا لە بەر ئەوەی نەهامەتیەکی گشتی بوو.(العظيمي : ١٩٨٤ ،ص٣٧٤) . خواردنی گۆشتی مردوو لە گرانی گەورە (سەفەر بەلەك)لە جەنگی جیهانی یەکەم و هاتنی ڕووسەکان بۆ کوردستان چیرۆکی زۆری لە سەرە لەبەر ئەوە ئاسای بوە لەو سەردەمەدا دەست بۆ حەرام کراوەکان براوە چونکە برسیەتی زۆر بوە،وەك مێژوو نوسان ئاماژەیان داوە لە سەرچاوەکانیاندا.

هەروەها مێژوونوس (ابن القلانسي)ش پێی وایە هۆکاری ئەو برسیەتی و گرانیە بریتی بووە لەوەی لە زستانی ئەو ساڵەدا باران نەباریوە لە مانگەکانی کانونی یەکەم و دووەم بە هۆیەوە کشتوکاڵ تێك چووە. ( ابن القلانسي : ١٩٠٨ ، ص ٢١٢)، لە ساڵی ( ٥٤٣ك-١١٤٨ز) بە هۆی وشکە ساڵیەوە گرانیەکی کاریگەر بڵاو بویەوە لە ناوچەکانی وڵاتی چیاو جەزیرەو خوراسان و ئەسفەهان و فارس و شام و ڕۆژئاوای ئیسلامی ، ئەمە جگە لە تینویەتی مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندەکان.( ابن الاثير: ٢٠٠٩ ، ج ١١،ص ٦٩).

لە ساڵی ( ٥٤٨ ك- ١١٠٠ز) بە هۆی نەبارینی باران لە هەرێمی جەزیرە ڕووبەڕووی برسیەتی زۆر بوونەوە بە تایبەتی شاری ڕوها ئەمەش بۆ ماوەی ساڵێك بەردەوام بوو.( الرهاوي ،متى: ٢٠١٢ ،ص ١٠٤-١٠٥)

مێژوونوس ( ابن الجوزي ) لە باسی ساڵی ( ٥٧٤ ك -١١٧٨ز) ئاماژە بە نەبارینی باران دەکات لە ناوچەکانی جەزیرەو دیاربەکرو نوسیبین موسڵ چیاو خەڵات و شام و عیراق و میصر چەند ناوچەیەکی دیکەش دەکات کە گرانیەکی گەورە هاتوەتە ئاراوە،(ابن الجوزي١٩٩٥ ، ج ١٠ ،ص ٥٥٥) بە جۆرێك جۆ لە ناوچەکانی موسڵ هەرسێ مەکوك بە دینارێکی ئەمیری فرۆشراوە ( السرياني : ١٩٩٦ ،ص ٣٣٠)

ئەمەو چەندین نرخی جۆراو جۆری تر لە ناوچە جیاوازەکان ، بۆیە خەڵکەکە وەك چارەسەریەك بۆ ئەم بارودۆخە نوێژە بارانەیان کردووە ، بە هۆی ئەم وشکە ساڵیە تینویەتی زۆر بووە پلەکانی گەرما بەرز بوونەتەوە ئەمەش بە هۆی نەمانی شێ بووە ، ئەو کوشتوکاڵەی کرابوو لەو ساڵەدا وشك بوو.(الجبوري : ٢٠٠٧ ، ص ٩)،لە ساڵی (٥٧٥ ك – ١١٨٠ز) لە هەولێرو موسڵ و جەزیرە و لە بەشێکی زۆری جیهان دیسان لەبەر نەبارینی باران و گرانبوونی نرخ بەتایبەتی لە هەولێر برسیەتی و گرانی زۆری بۆ خەڵك هێناوە و ناچاری کردوون گەڵای دارو جەندین شتی حەرامکراوی وەك لاشەی مردوو بخۆن ، شایەنی باسە ئەم بارودۆخە تاکو ساڵی (٥٩٩ ك – ١٢٠٢ ز) خایاندووە.( ابن المستوفي : ١٩٨٠ ، ق ٥, ص ٢١٤)لە ساڵی (٦٢١ ك- ١٢٢٤ ز) لە ئەنجامی کەمی باران ونەبارینی بەشی پێویستی بۆ کوشتوکاڵ بەشێکی کەم لە بەرهەمە کوشتوکاڵیەکان پێراگەیشتن کە بەشی دانیشتوانی نە دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێژە کەمە هێرشێکی کلۆی (کولە)ی کرایە سەرو ئەویش نەمایەوە بۆ خەڵك بە تایبەتی لە ناوچەکانی هەولێرو موسڵ و جەزیرە و دیاربەکر وعێراق نرخەکانی زۆر زیادیان کردو خواردن کەم بوویەوە بە ئەستەم خواردن دەست دەکەوت ،لەهەموو ناوچەکان زیاتر زەرەرو زیان بەر ناوجەکانی موسڵ و جەزیرە کەوتوە ، کە قات و قریەکی

گەورەی تێدا هاتە ئاراوە ، هەر لە پێاو ئەمە موسڵمان و مەسیحیەکان دەستیان کرد بە پاڕانەوە لە خودا وە بەخشین و ڕۆژو نوێژە بارانەیان ئەنجام دەدا.( ابن المستوفي :١٩٨٠ ،ق ٥ ، ص ٢١٤ )،لە ساڵی دواتردا ( ٦٢٢ ك – ١٢٢٥ز) برسیەتی و گرانی و قات و قڕی لە شاری موسڵ و هەموو هەرێمی جەزیرە و عێراق و شام هاتە ئاراوە کە خەڵك مردو سەگ و پشیلەیان دەخوارد.( مها سعید :٢٠١١ ، ص ٨١)،(ابن الاثیر) وەك شایەتحاڵێك دەڵێت (نرخی هەموو جۆرێك لە خۆراك زیادی کردبوو بەتایبەتی دانەوێڵە کە هەر مەکوکێك و چارەکێك لە گەنم بە دینارێك و قرانێك دەفرۆشرا ، کەچی خۆی مەکوکی بە دە درهەم بوو، وە برنج مەکوکی بە دوازدە درهەم بوو بە پەنجا درهەم دەفرۆشرا، وە گۆشت و تەنانەت سڵق و گێزەرو شەڵغەمیش کە هەر پێنج ڕتڵی بە درهەمێك دەفرۆشران ) (ابن الاثیر : ٢٠٠٩ ،ج ١٢ ، ص ٢٢٠)،ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو تاکو سەرەتای هاوین بە هۆیەوە خەلکێکی زۆر کۆچیان کرد بۆ ناوچەکانی دیکە وەك بنەماڵەی (ابوالعباس موسلي الربعي) کە خۆو بنەماڵەکەی خەڵکی موسڵ بوون و پیشەیان نانەوا بوو بەڵام بە هۆی ئەو گرانی و برسیەتیە کۆچیان کرد بۆ وڵاتی میسر.( ابن الشعار : ٢٠٠٥ ، ج ١ ، ص ٣٤٣ )،ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بە هۆی گرانی و باری ئابوری دیاردەی کۆچ کردن سەریهەڵداوە . لە ساڵی ( ٦٢٣ ك – ١٢٢٦ ز ) ئاماژە بە بوونی زنجیرەیەك گرانی و قات و قڕی ماوە درێژ دەکرێت لە شاری ماردین کە بە تەواوی خەلکەکەی شپرزە کردووە و ژمارەیەکی زۆریان لێ مردوون و بوەتە هۆی کاولکاری ناوچەکە ، هەروەها لە زۆربەی هەرێمی جەزیرە باران نەباریوە تەنیا بە ڕێژەیەکی کەم نەبیت بۆیە بەرهەم کەم بووە. (ابن الاثیر : ٢٠٠٩ ، ج ١٢ ، ص ٢٢٣) ، لە ساڵی دواتر لە هەرێمی جەزیرە گرانی بەردەوامی هەبووە بەڵام کە باران لە هەموو مانگی شوبات و دە ڕۆژی ئازار نەدەباری گرانیەکە زیادی کرد ، بە ڕادەیەك گەنم هەردوو مەکۆك بە دینار و قیراتێك لە موسڵ فرۆشرا ، جۆ هەر سێ مەکوك بە دینارو قیراتێك فرۆشرا وە هەموو شتێك لەو ساڵەدا لە گران بووندا بوو ، تەنانەت لە بەهاردا هەر لەو ساڵە گۆشتی مەڕ کەم بوویەوەو نرخی زیادی کرد لە هەر شەشیان حەوت ڕەتل بە یەك قیرات بوو، بۆیە ڕەتل بە دوو حەببە.ئەگەر چی وەك (ابن الاثیر ) دەڵێت ( دەبوو لە بەهاردا وەك باوە نرخی گۆشت هەرزان بێت لەبەر ئەوەی لەو وەرزەدا کوردو تورکمانەکان لە کوێستانەکانیان کۆچ دەکەن بۆ ناوچەی زۆزان و مەڕ بە نرخی هەرزان دەفرۆشن.( الدوري : ١٩٩٦ .ص ٩٣ ).ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کەمی باران وایکردوە گیاو کا کەم بێت بۆیە ئاژەڵداریش کەمی کردوە .

## سێیەم :لافاو.

لافاو سێڵاو وەك کارەساتی سروشتی زەرەرو زیانیان گەیاندوە بە کوردستان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هۆکار بوون بۆ زۆربونی هەژاری. لە ساڵی ( ٢٢٠ ك – ٨٣٥ز) لافاوێك لە (رەها ) ڕوویدا ئەمەش لە کاتی شەودا بوو کە خەلکەکە خەوتبوون ، بە جۆرێك لە بەر زۆری و بەهێزی لافاوەکە قوڵای شارەکە خۆی پێ ڕانەگیرابوو ڕووخا بوو ، بە هۆیەوە چەندین خانوو ژێر ئاو کەوتن و زۆربەی بیناکان ڕووخان تا لە ڕووی ڕۆژهەلاتی قەڵاکە ئاوەکە ڕۆشتبووە دەرەوە.( الرهاوي .المجهول: ١٩٨٦،ج ٢ ،ص ٤٤)،هەروەها لە ساڵی ( ٢٢٦ ك- ٨٤٠ ز) لافاو ناوچەی (حراني) گرتەوەو کاولکاری لێکەوتەوە (ابن العبرى:٢٠٠٥،ص٣٤)،هەروەها لە ساڵی (٢٣٢ ك – ٨٤٦ز) ڕووباری دیجلە بەهۆی زۆری باران ،لافاو هەستا زەرەرو زیانی گەورەی بە شارەکە گەیاند.(ابن الاثیر ) ئاماژە دەکات بە زەرەرو زیانەکانی ( شاری موسڵ لەم ساڵەدا ژێر ئاو کەوت نزیکەی سەد هەزار خەڵکی شارەکە مردن، ئەمیری موسڵ (غانم بن حمید الطوسي ) سی هەزاری کفن کردووە ئەمەش زیادەڕەوی تێدایە لە ژماردنی قوربانیەکان (ابن الاثیر) درێژە بە باسکردنەکەی دەدات و دەڵێت ( لافاوێکی گەورە بووە پێشتر موسڵ شتی وای بە خۆوە نەدیوە بە هۆی لافاوەکە زۆربەی زەوییە کوشتوکاڵیەکان و بازارەکان ژێرئاو کەوتن ).( ابن الاثیر: ٢٠٠٩ ،ج ٦ ، ص ٩٥ )،لە ساڵی ( ٣٠٠ ك – ٩١٢ز ) بە هۆی داتەبینی بەشێکی شاخی دینور ئاوێکی زۆر دەرچوو چەندین گوندی ژێر ئاو خست.لە ساڵی ( ٤٦٦ ك – ١٠٧٣ ز) لافاوێکی بەهێز شاری شەنگاری گرتەوە و بەشێکی گەورە لە قەڵای شارەکە رووخا.( ابن الجوزي : ١٩٩٥ ، ج ٨ ،ص ٢٨٤-٢٨٥ )،لە ساڵی ( ٥١١ ك – ١١١٧ ز) بە هۆی بارانێکی بەلێزمە لە ناوچەکانی هەولێرو شەنگاردەبێتە هۆی دروست کردنی سێڵاوێکی زۆر بە خوڕ لەو ناوچانە ، بەتایبەت لە شەنگار زەرەرو زیان بە خەڵکی و کشتوکاڵی شارەکە دەگەیەنێت تەنانەت دەرگای شارەکەش دەکەوێتە ژێر

ئاو ڕادەماڵرێت ، خانوو شوێنی نیشتەجێ بوونی شارەکە و ڕەزو باخەکانی بەر ئەم کاریگەریە کەوتون.( الاصفهانی :٢٠٠٩ ، ص ٣٢١).

ابن الاثیر لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ( ٥٢١ ك – ١٠٢٧ ز) ئاماژە بە بوونی لافاوێك دەکات لە جەزیرە کە یەکێك لە قەڵاکانی و زۆربەی خانوەکانی ژێر ئاو خستوە.( ابن الاثیر : ٢٠٠٩ ،ج ١٠ ،ص ٢٨٢ ) لە ساڵی ( ٥٥١ ك- ١١٥٦ ز) لە شاری ( ئەشنە ) شنۆ سێلاوێك ڕوویداوە و شارەکەی خاپوور کردووە.( ابن الموستوفي :١٩٨٠ ، ق ١ ، ص ٥٢ )،لە ساڵی ( ٥٦٩ ك – ١١٧٣ ز) سێڵاوێکی تر لە ناوچەکانی موسڵ و دیاربکر و جزیرە ڕوویدا لە ئەنجامی بارینی تەرزەیەکی زۆر دەنك گەورە کە بووە هۆی ئەوەی چەندین شوێنی نیشتەجێ بوون و کێڵگە و گوند و تەنانەت گۆرستانیش وێران بوون و خەڵکیش لە ترسان کۆچیان کرد ، هەر بەو هۆیەشەوە ڕووباری دیجلەو فوراتیش زیادیان کردوو ڕادەی وێرانکاریەکەیان زیاتر کرد.( ابن الاثیر ) دەڵێت ( ئەم لافاوە بۆ ماوەی چل ڕۆژ بووە و تەنها دوو جار خۆریان بینیوە ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کە خانوو کۆشك و تەلارێکی زۆر بروخێت ، سەرەرای خراب بوونی کێڵگە کوشتوکاڵیەکان کە بەشێکی زۆریان لەناو چوون ، ئەمەش بوەتە هۆکاری برسیەتی و گرانیەکی زۆری لێ هاتە ئاراوە. ( ابن الجوزي : ١٩٩٥ ، ج ١٠ ،ص ٥١٦ )

لە لافاوە گەورەو دیارانەی کە سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کردوە ئەو لافاوەیە کە لە ئەنجامی بارانبارینی زۆرەوە لە ساڵی (٦٤٦ ك – ١٢٤٨ز) لە شارەکانی هەولێر و موسڵ و بەغداد بە گشتی ماوەیەکی زۆر بەردەوامی هەبوو تا ئەو ڕادەیە کە هەموو بەنداو ڕێگاو بانەکان ڕووبار و جۆگەکان ئاویان لە سەر دەرۆیشت ، زۆربەی خەڵکی لە کار و کاسبی کەوت تەنانەت وەکو (ابن الفوطي) دەڵێت ( نەدەتوانرا داچاندن ئەنجام بدرێت و گوندەکان ژێرئاو کەوتن ، بەشێکی قەڵای هەولێر توشی دارمان بوو سەرەرای ڕوخانی خانویەکی زۆر لە ناوچە کوردیەکان).( ابن الفوطي: ١٩٣٢ ، ص ٢٢٩ ) هەروەها هەردوو زێی گەورە و بچوك پڕ بوون لە ئاو بەمەش ئاوی روباری دیجلە زۆر زیادی کرد و پەنگاوی دایەوەو ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر شاری بەغدادو ئەو ناوجانەی دەکەوتنە سەر ڕێرەوەکەی.(زبیر بیلال: ١٩٧١ ، ص ٢٣٦) کاریگەری لافاوەکە گەیشتە ئەو ئاستەی کە شاعیران شعری لە بارەوە تۆمار بکەن ئەوەتا دەڵێت (هەروتی : ٢٠١٥ ، ل ١٩٣)

| | |
|---|---|
| تلقت دجلة لما طغت | وخاف البرية من مائها |
| بوجه يتشابه بدر السما | ء وكف حكت جود أنوائها |
| فلما رأتك رأت علما | بطب المصالح من دائها |
| فولت حياء كما تنزوي | القبيحة من جنب حسنائها |

## چوارەم :ڕەشەبا و بای بەهێز:

بای بە هێز بە یەکێك لە هۆکارەکانی تیکدانی ژێرخانی ئابوری دادەنریت ، کە بەهۆیەوە ژیانی ئاسای خەڵکی تێکچووە و زەرەو زیانی گەورەیان بەرکەوتووە، گرنگترین ڕووداوەکانی هەلکردنی با لە ماوەی توێژینەوەکە دەخەینە ڕوو:

لە ساڵی (٢٣٤ ك- ٨٤٨ ز) بایەکی توندی ژەهراوی کە پێشتر وینەی نەبووە بۆ ماوەی پەنجا ڕۆژ درێژەی کێشا گەیشتە ناوچەکانی هەمەدان و موسڵ و شەنگار، ناوچە کوشتوکاڵیەکانی وێران کردو خواردن کەم بویەوە قات و قری و هەژاری بڵاو بویەوە ئەم ڕەشەبایە لە وەرزی هاوین بوو ، بەهۆیەوە بازارەکان داخران و زۆربەی بەروبومی هاوینی لەناو چوون.(محمد الخرم :٢٠١٩ ،ص ٢٠٠٢)،لە ساڵی ( ٢٣٥ ك- ٨٤٩ز) بایەکی بەهێز هەلیکرد بە هۆیەوە ئاوی دیجلە ڕەنگی زەرد بوو ، سێ ڕۆژ بەردەوام بوو دەنگێکی گەورەی لەگەڵدا بوو، کە دەنگی هەورە گرمە بوو کە خەڵکی شاری خەڵات هەستیان پێ کردووە.( ابن الاثیر: ٢٠٠٩ ، ج ٦ ،ص ١٢٧).

بایەکی ڕەش لە ( داقوقا) لە ساڵی (٣٩٨ ك- ١٠٠٧ ز ) هەڵیکردوە و زەرەو زیانی هەبووە.(ابن الجوزی : ١٩٩٥ ، ج ١٥ ، ص ٦٠ )هەروەها ساڵی( ٥١٨ ك- ١١٢٤ز) بایەکی بەهێز ناوچەی جەزیرەی گرتووەتەوە جەندین درەختی لە بنەوە دەرهیناوەو زیانی زۆری بە ڕەزو باخ و کوستوکاڵ گەیاندووە.( ابن الفوطي : ١٩٣٢ ، ص ٢٧٧)

لەساڵی ( ٥٧٥ ك- ١١٧٩ز) بایەکی ڕەش و تاریك لە جەزیرە و عێراق هەڵیکردوەو لە کاتی نیوەرۆدا بووە و بەتەواوەتی تاریکی داهێناوە (ابن

الاثير)لە گێرانەوەی ئەم بابە دەڵێت ( خەڵك لە شوێنەكانی دەوربەری موسڵ دەهاتن هەمان دیاردەیان باس دەكرد.(ابن الاثير :٢٠٠٩ ،ج ١١ ، ص ٢٢٢) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە بابەكی گشتگیر بووە هەموو ناوچەكەی گرتووەتەوە ، تێبینی دەكرێت ڕەشەبا و بای بەهێز كە كەوتونەتەوە لە ناكاو بوون گەرمی و خۆڵاویەكەی مەترسی هێنەر بووە ، ئەم دیاردەیەش هۆكاری كاریگەر بوون لە تێكدانی باری ئابوری كوردستان.

## پێنجەم:سەهۆڵبەندان و تەرزە وبەفر:

دیارە كەش و هەوای كوردستان بە هۆی بوونی چیای بەرز ساڵانە بەفرو سەهۆڵبەندان ڕوویداوە بە هەمان شێوەی دیاردە سروشتیەكانی دیكە زەرەرو زیانی گەورەی بۆ خەڵك و لایەنی ئابووری كوردستان هەبووە ئەوەتا ناوچەكانی موسڵ و دەورو بەری لە ساڵی ( ٢٥٦ك – ٨٦٩ز) توشی سەرماو سەهۆڵبەندانێكی توند بووە و پلەكانی گەرما زۆر دابەزین دارو درەخت و دانەوێڵە زەرەرو زیانی گەورەیان پێگەیشت ، زۆربەی بەرهەمی كوشتوكاڵی تیا چوو هیچ شتێك نەما لە خواردن مەگەر ئەوەی كە ساڵی پێشوتر هەڵگیرابێت. ئەمەش بووە هۆكار كە لەو ساڵەدا باج و خەراج نەدرێت بە ئەمیری موسڵ بە ناوی (اتكوتين بن اساتكين ) ( ٢٥٦-٢٥٩ ك / ٨٦٩-٨٧٢ز ) ،كە حوكمی دەكرد. لە سەردەمی خەلافەتی ( المعتمد على الله ) ،(٢٥٦-٢٧٩ ك /٨٧٠- ٨٩٢ ز)( ابن الاثير: ٢٠٠٩ ،ج ١٠ ، ص ٩٨ ).

لە ساڵی (٦٣٤ ك – ١٢٣٦ز) بەهۆی سەختی كەش و هەوا بەشێكی زۆری كشتوكاڵ وشك بووە و لەناو چووە بۆیە گرانی و قات و قری بڵاو بوەتەوە، هەر لەوكاتەشدا ڕوباری فورات بەستویەتی.( ابن العبري :٢٠٠٥ ، ص ٢٨٢ )،لە سەرچاوە مێژوویەكان باسی تەرزەیەك كراوە لە ساڵی ( ٥١٤ ك- ١١٢٠ ز) كە لە ماردین باریوە و ئاژەڵی لە ناو بردووە و زۆربەی كوشتوكاڵ و ڕەزو باخی تێك داوە.( ابن القلانسى :١٩٠٨ ،ص ٢٠٢ )وە هەروەها لە ساڵی ( ٦٢٣ ك – ١٢٢٥ز) باس لە بارینی تەرزەیەكی زۆر دەكرێت لە شاری موسڵ و چەندین زیانی ئابووری ناوەتەوە هەر وەك ابن الاثير كە شایەتحاڵی ئەو ڕوداوەیە دەڵێت (تەرزەیەكی زۆری لێ باریوو كوشتوكاڵی خەڵكەكەی تێكدا و لەناوی بردو گیانلەبەرێكی زۆریشی كوشت كە بوەتە هۆی نانەوەی گرانی و برسیەتی و بەرز بوونەوەی نرخی خۆراك.(ابن الاثير : ٢٠٠٩ ،ج ١٢ ، ص ٢٢٩).

لە ساڵی (٥٦٨ ك – ١١٧٣ ز) بەفربارین زۆربەی ناوجەكانی گرتەوە بە گشتی سوریا و جەزیرەو فارس و ئەرمینیا و فەلەستین و میسر كە خەلكێكی زۆری لەناو برد و بەشێكی زۆری توشی نەخۆشی و برسیەتی كرد لە ئەنجامی لەناو بردنی كێڵگە كوشتوكاڵیەكان.( السرياني : ١٩٩٦ ،ص ٣٠٩ ).

لە ساڵی ( ٦٢٤ ك-١٢٢٥ز) ناوچەكانی موسڵ و هەموو عیراق دوچاری بەفربارینی بەردەوام و بەدواییەكدا بوونەوە و زەرەو زیانی لە باخ و باخات داوە بە جۆرێك گوڵی هەموو دارەكانی وەك بادەم و قەیسی و هەڵوژەی لە ناو بردووە ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە(١٠ مانگی ئازار بوو بەرامبەر بە ٢٠ ربيع الاول ).( سوادي :١٩٨٩ ، ص ٢٠٠) كە دیارە لە ناوچەكانی كوردستان و عێراق لەمانگی ئازاردا دارو درەختی بەردار گوڵ دەردەكات.

## شەشەم:نەخۆشی و پەتای درم .

تەنگەژەی ئابوری كاریگەری راستەوخۆی لە سەر ژیانی مرۆڤ هەیە لە زۆربەی كاتدا بوەتە هەڕەشەیەكی گەورە لە سەر مانەوەی خەڵك ، ئەگەر تێبینی بكەین قات و قڕی هەژاری برسیەتی و گرانی نرخ یەك لە هۆكارەكانیان نەخۆشیە درم و لەناوبەرەكانە وەك( سیل ، زەهرەی ، جذام (گولی) ،خوریكە ،تاعون ) ئەم نەخۆشیانەش لە سەدەكانی ناوەڕاست بەربڵاو بوون بە هۆی كەمی دەرمان و چارەسەر، هۆكاری سەرەكی لە ناوچوونی كۆمەڵگاكان بوون.ابن خلدون هۆكاری بڵاوبونەوەی پەتاو نەخۆشەیە درمەكان دەگێڕێتەوە بۆ پیس بوونی هەوا زۆری هەڵم و شێ و پیسی ، كاتێكیش هەوا پیس دەبێت كە خۆراكی رۆحی گیانلەرانە، ئەمەش كاریگەری دەبێت لە سەر مێشك و هەڵسوكەوتی كەسەكە هەركاتێكیش بۆگەن بوونەكەی هەوا بەهێزبێت نەخۆشی سیەكان ڕوودەدات، ئەمەش تاعونە.(ابن خلدون:١٩٩٩,ص٣٠٣).

له ساڵی (٤٢٣ك -١٠٣١ز) پەتایەك لە ناوچە كوردنشینەكان بڵاوبویەوە لە هەرێمی چیا ، حلوان و جزیرەو موسڵ ،كە ابن عبری ناوی دەبات بە ( داء الجرب ) كە ناسراوە بە گەڕی، (ابن العبری:-٢٠٠٥، ص٨٥)،دیارە ئەم نەخۆشیە جۆرێك بووە لە تاعون بەهۆی ئەوە باسی بڵاووبونەوەی كردوە.

له ساڵی (٤٢١ك -١٠٣٠ز) نەخۆشی سك چوون و ڕشانەوە لە ناوچەكانی هەمەدان و حڵوان ڕوویداوە ژمارەیەك زۆر لە خەڵكی مردن هەروەها لە ساڵی (٥٤٧ك -١١٥٢ز)نەخۆشی گرانەتا لە هەمدان بڵاو بویەوە بۆوەتە هۆكاری مردنی سوڵتان مەسعود بن محمد بن مليك شا( سبط ابن الجوزی:١٩٥٢ ، ج١٠، ص٥٤٣) هەندێك لە شارەكان ناوبانگیان هەبووە لە بڵاوبونەوەی پەتا وەك الاصطخری لە وەسفی شاری( راس العین )دا ئاماژە بەوە دەكات كە نەخۆشی و پەتای تێدایە هەروەها لە بارەی نوسیوە دەڵیت پەتا دارەو نەخۆشی دەردی تێدایە. هەر بۆیە لە زۆربەی سەرچاوەكان ناوی ئەو دوو شارە هاتووە ،لە بارەی شاری میافارقین دەڵێت میافارقین هەواكەی پڕیەتی لە نەخۆشی و پەتا .( الاصطغری:د.ت ،ص ٧٦).

له ساڵی (٥٧٥ك -١١٧٩ز) نەخۆشی (سرسام) لە ناوچەكانی جەزیرە و موسڵ و دیاربەكر بڵاو بویەوە ،كە ژمارەیەكی زۆر خەڵكی مردن. هەندێك جار ئاژەڵەكان بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ دەبوونە هۆكار بۆ سەرهەڵدانی كێشەی ئابووری، ئەویش بە هێرش كردنە سەر كێڵگەی كوشتوكاڵی وەكو بەراز و گورگ و هەڵگری نەخۆشی و پەتادارو هەر وەک ئەوەی لە ساڵی (٥٨٩ك – ١١٩٣م) لە شاری( دونەیسەر )ڕوویدا كە بووە هۆی مردنی ژمارەیەك خەلكی و دروست بوونی ترس و دڵەڕاوكی لە ناو كۆمەڵگەدا (عبوش :٢٠٠٥،ص١١٨).

بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا درمیەكان هۆكار بوون بۆ ئەوەی كە كوردستان ژێرخانی ئابووری خراپ بێت بە هۆی زیانە گیانیەكان و بڵاوبوونەوەی ترس و بیم كە نەیان دەتوانی زەویەكان بچێنن، ئەمەش هۆكارێكی گرانی و هەژاری بووە ،كە هەندێ جار هەبوونی قات و قڕی وای كردوە كە پەنا بۆ حەرام كراوەكان ببرێت ئەمە جگە لە پەكخستنی ژیانی ئاسای خەڵكی.

## ئەنجام

**یەكەم :** لەماوەی توێژینەوەكەماندا كوردستان لە سەردەمی عەباسی ١٣٢ك-٦٥٦ز) بەرەو ڕووی ژمارەیەك تەنگەژەی ئابووری بووەتەوە كە كوردستان بە فراوانی و دەوڵەمەندی ناسراوە ، بەڵام هۆكاری سروشتی ڕۆڵێكی دیاری هەبووە لە دروست كردنی ئەم بارودۆخانە

**دووەم :** كارەساتە سروشتیەكان ( بومەلەرزە یان وشكەساڵی و نەبارینی باران یان بارانی بەلێزمەو سێڵاو و لافاو یاخود دابەزینی پلەی گەری و سەهۆڵبندان و بارینی تەرزە و بەفری زۆر) دەبنە هۆی ئازاری زۆر بۆ مرۆڤایەتی ، مرۆڤیش هەرچەندە تواناو وزە بەخت بكات لەو پێناوەدا ناتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت و سنور بۆ كاریگەری زیانەكان دابنێت .

**سێیەم :** وشكەساڵی و نەبارینی باران زۆرترین ئەو هۆكارانە بوون كە كاریگەری لە سەر دانیشتوانی كوردستان هەبووە چونكە كوردستان پشتی بە كوشتوكاڵ بەستوە و زۆربەی زەویەكانی دێم بوون

**چوارەم :** لافاو بومەلەرزە زیانی گەورەیان بە ئابوری كوردستان گەیاندووە زۆربەی جار موڵكی گستی و موڵكی تایبەتی بە شێوازی هەمە جۆر زیانیان بەركەوتوە و ژێرخانی ئابووری وڵات خراپ بووە .

**پێنجەم :** لە سەرچاوە مێژوویەكان كەمتر باسی ڕووداو كارەساتە سروشتیەكان كراوە بە هۆی گرنگیدانیان بە ڕوداوە سیاسیەكان نەیان پرژاوەتە سەر باس كردنی ئەم كارەساتانە ، بەڵام لە سەدەی سێ بە دواوە بە هۆی پەیدابوونی گەریدە و جوگرافی ناسان گرنگی بە تۆماركردنی كارەساتە سروشتیەكان دراوە.

**شەشەم :** هەریەك لە كارەسات و نەهامەتیە سروشتیەكان دەرئەنجامی دیاری هەیە كە دیارترینیان بریتیە لە هەژاری و برسیەتی و قات و قڕی و مردنی دانیشتوان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ماوە درێژ.

## سەرچاوەکان :

**بەزمانی عەرەبی.**


١-ابن الاثير : على بن ابي الكرم بن عبدالوحد الشيباني الجزري ، ( ت . ٦٣٠ هـ / ١٢٣٢ م ) ، ٢٠٠٩ ،الكامل في تأريخ ، ت ، سمير شمس ، دار صادر ، بيروت .

٢-ابن الجوزي : جمال الدين ابي المعاسن الاتابكي ،( ت ٥٩٧هـ / ١٢٠٠م ) ، ١٩٩٥ ، المنتظم في تواريخ الملوك والامم ، تحقيق ، سهيل زكار ، دار الفكر الطباعة و النشر ، بيروت .

٣- ابن العبري : ، .أبي الفرج جماالدين ، ( ت . ٦٨٣ هـ / ١٢٨٦ م ) ٢٠٠٥ ،تاريخ الزمان ،دار الزمان،ط٢،بيروت

٤- ابن الفوطي : أبي الفضل عبدالرزاق البغدادي ،( ت . ٧٢٣هـ / ١٢٣م ) ، ١٩٣٢ ، الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المأئة السابعة ، تحقيق مصطفى جواد ، المكتبة العربية ، بغداد.

٥- ابن القلانسي : أبي يعلى حمزة ،( ت ٥٥٥ هـ / ١١٦٠ م ) ، ١٩٠٨ ، ذيل تأريخ دمشق ، تحقيق ، امد روز ، مطبعة الاباء اليسوعين، بيروت .

٦- ابن المستوفي: شرف الدين ابي البركات المارك بن احمدالنغمي ، (ت . ٦٣٧ ه / ١٢٣٦ م ) ، ١٩٨٠ ، تاريخ اربل ، تحقيق بشار عواد معرف – صلاح محمد جراز ، دار الغرب اسلامي ، ق ٥ ، تونس .

٧-ابن حوقل : ابو القاسم بن حوقل النصيى: ( ت ٣٦٧هـ ، ٩٧٧ م ) ، ١٩٧٩ ، صورة الارض ، دارالمكتبة الحياة ، بيروت.

٨-ابن خلدون : عبدالرحمن بن محمد(ت٨٠٨-١٤٠٦م)، ١٩٩٩ ،مقدمة ابن خلدون ، دار ابن حزم ، بيروت.

٩-ابن عبدالحق : صغرالدين عبدالمؤمن بن عبدالحق : ( ت . ٧٣٩ ه / ١٣٣٩ م ) ، ١٩٥٤ ، مراصد الاصلاح علي اسماء الامكنتة والبقاع ، تحقيق على محمد البجاوي ، ط ١ ، دار الاحياء الكتب العربية ، القاهرة .

١٠-ابن فقية :ابوبكر احمد ابراهيم الهمذاني : (ت . ٢٩٠ هـ / ٩٠٢ م )، ١٨٨٥ ، مختصر كتاب البلدان ، مطبعة بريل ، ليدن.

١١-ابن منظور : محمد بن مكرم الافريقى مصري ، ( ت . ٧١١ هـ / ١٣١١ م ) ، د . ت ، لسان العرب ، صادر ، بيروت .

١٢-ابو الفداء : عمادالدين اسماعيل بن محمد بن عمر (ت ٧٣٢ هـ / ١٣٣١ م ) ، ١٨٤٠ ، تقويم البلدان ، بأعتناء رينورد و ديسلان، دار الطباعة السلطانية (باريس)

١٣-سوسة ،احمد : ١٩٤٥ ، فى ري العراق ( نهر الفرات ) مديرية الرى العامة ، مطبعة الحكومة ، بغداد.

١٤- رسول ،اسماعيل شكر : ٢٠٠١ ، الامارة الشدادية الكردية في بلاد أران ( من ٣٤٠ الى ٥٩٥ هـ / ٩٥١ – ١١٩٨ م ) ، دراسة سياسية حضارية ، مواسة موكرياني للطباعة والنشر و مطبعة وزارة التربية ، اربيل .

١٥-الاصطغري : ابو اسحاق محمد بن ابراهيم الفارسي ( ت ٣٤٠ هـ / ٩٥١ م ) ، د.ت ،كتاب الاقاليم ، تحقيق ، j.h.moller مكتبة المثنى ، بغداد

١٦-الاصفهاني : عماد الدين الكاتب ( ت . ٥٩٧ هـ / ١٢٠٠ م ) ، ٢٠٠٩ ، البستان الجامع الجميع تواريخ اهل الزمان ، تحقيق ، عمر عبدالسلام تدمري ، المكتبة العصرية ، بيروت.

١٧-الجبوري : احمد اسماعيل عبدالله : ٢٠٠٧ ، الكوارث الطبيعية وانعكاساتها على الاجتماعية في ديالي في العصور الاسلامية ، مجلة ديالي ، عدد ٢٦ ، ديالي.

١٨-الدواداري : أبي بكر عبدالله بن أيبك( ت . ٧٣٦هـ / ١٣٣٥ م ) ، ١٩٩٢ ، كنز الدرروجامع الغرر ، ( الدرة السنية في اخبار الدولة العباسية ) تحقيق ، دورونت كرافوسيكي ، بيروت.

١٩-الدوري : غامس خضير حسن الدوري : ١٩٩٦ ، الكوارث الطبيعية واثارها في العراق حتى نهاية الدولة العباسية ، اطروحة دكتورا ،

جامعة بغداد ، بغداد.

٢٠-الذهبي : شمس الدين ابى عبدالله ، محمد بن احمد بن عثمان ، ( ت ، ٧٤٨ هت / ١٣٤٧ م ) ، ١٩٩٧ ، تأريخ الاسلام وفيات المشاهير والاعلام ، تحقيق عمر عبد السلام التدمري ، دار الكتاب العربي ، بيروت .

٢١-الرهاوي ، متى ، ( ت . ٥٤٣ هـ / ١١٥٠ م ) ، ٢٠١٢، تأريخ متى الرهاوي ، ت ، محمود محمد، عبدالرحيم المصطفى ، مجلس الاعلى للثقافة ، قاهرة .

٢٢-السرياني : مارميقائيل ز( ت . ٥٩٦ هـ / ١١٩٩ م ) ، ١٩٩٦ ، تأريخ مارميغائيل السرياني ، ت : مارغريفوريس صليبا شمعون ، دار ماردين ، حلب .

٢٣-السيوطي : جلاالدين عبدالرحمن بن ابي بكر ، ( ت . ٩١١ هـ / ١٥٠٥ م ) ، ٢٠٠٣ ، تأريخ الخلفاء ، الطبعة الاولى ، دار ابن الحزم ، بيروت .

٢٤-العسكري : يحى بن مهران العسكري ، ( ت . ٣٩٥ هـ / ١٠٠٥ م ) ، ١٩٩١ ، معجم الفروق اللغوية ، تحقيق بيت الله بيات، مؤسة نشر الاسلامي ، قم ، ط١ ، ايران .

٢٥-العظيمي : محمد بن على ( ت . ٥٥٦ هـ / ١١٦١ م ) ، ١٩٨٤ ، تأريخ العظيمي – أو – تاريخ حلب ، تحقيق : ابراهيم زعرور .دمشق.

٢٦-الغساني : الملك الاشرف. ( ت . ٨٠٣ هـ / ١٤٠٠ م ) . ١٩٧٥، العسجد المسبوك والجوهر المحكوك في طبقات الخلفاء و الملوك : تحقيق ، شاكر محمود عبدالمنعم ، دار التراث الاسلامي للتطباعة والنشر ، دار البيان ، بيروت .

٢٧-المجهول : مؤلف الرهاوي ( ٦٣٢ هـ / ١٢٣٤ م ) ، ١٩٨٦ ، تأريخ الرهاوي ، ت ، الاب البير أبونا، مطبعة شفيق ، بغداد.

٢٨-المقدسي : ابو عبدالله محمد بن احمد (ت ٣٨٧ هـ / ٩٩٧ م ) ، ١٩٣٦ ، أحسن التقاسيم فى معرفة الاقاليم ، مطبعة بريل ، ط٢ ، ليدن .

٢٩-بن الشعار : كمال الدين أبي البركات المبارك الموصلى ، ( ت . ٦٥٤ هـ / ١٢٥٦ م ) ، ٢٠٠٥ ، قلائد الجمان في فرائد شعراء هذا الزمان : تحقيق كامل سلمان الجبوري دار الكتب العلمية ، (بيروت ) .

٣٠- النقشبندي ،حسام الدين غالب: ١٩٨٥ ، ازربايجان دارسة سياسيه حضارية ، اطروحة دكتورا مقدمة الى مجلس كلية الادب جامعة بغداد.

٣١-حكيم ،احمد مام بكر : ٢٠٠٩ ، الكورد وبلادهم عند البلدانين و الرحالة المسلمين ، دمشق .

٣٢- بيلال،زبير : ١٩٧١ ، أربيل في أدوارها تأريخية عامة الأدبيل منذ أقدم العصور حتى الغرب العالمية الاولى ، مطبعة النعمان ، النجف .

٣٣- توفيق،زرار : ١٩٩٤ ، الكرد في العصر العباسي حتى المجىء البويهين ،( ١٣٢ – ٣٣٤ هـ / ٧٤٩ – ٩٤٦ م ) ، رسالة ماجستر غير منشور مقدمة الى مجلس كلية الاداب ، جامعة صلاح الدين ،أربيل

٣٤- توفيق،زرار : ٢٠٠١ ، كردستان في القرن الثامن الهجري، (دراسة في تأريخها السياسي والاقتصادي ) ، أربيل

٣٥-سبط ابى الجوزي : شمس الدين ابي المظفر يوسف بن قراوغلي التركي ،( ت . ٦٥٤ هـ / ٢٥٦ م ) ، ١٩٥٢ ، مراة الزمان في تأريخ الاعيان ، مطبعة دائرة المعارف العثمانية (حيدر اباد) .

٣٦-سهراب : ابو الحسن بن بهلول : ( ت ٣٣٤ هـ / ٩٤٥ م ) ، ١٩٢٩ ، كتاب عجائب الاقاليم السبعةالى نهاية العمارة ، تصحيح ، هانس فون مّزيك، مطبعة ادولف هولز هوزن ، فينا .

٣٧-سوادي : عبدمحمد : ١٩٨٩ ، الاحوال الاجتماعية والاقتصادية في بلاد الجزيرة الفراتية (خلال القرن السادس الهجري الثاني عشر ميلادي) ، طباعة نشر دار الشؤن الثقافية العلمية ،(بغداد).

٣٨-خصباك ،شاكر: ١٩٧٢ ، الاكراد (دراسة جغرافية أثنوغرافية) ، مطبعة شفيق ، بغداد .

٣٩-شيخ الربوة :شمس الدين ابي عبدالله محمد ابى طالب الانصاري الدمشقى : ( ت ٧٢٧ – ١٣٢٧ م ) ، ١٩٨٨ ، كتاب تحية الدهر في عجائب البر و البحر ، بيروت

٤٠- قاسملو ،عبدالرحمان: د . ت ، كردستان والأكرد ، بيروت

٤١-مرعي، فرست اسماعيل : ٢٠٠٥ , الامارات الكردية في عصر العباسي الثاني (٣٥٠ – ٥١١ هـ / ٩٦٠ – ١١١٧ م ) ، ط ١ ، دار يسرين للطباعة و النشر ، مطبعة وزارة التربية ، أربيل

٤٢- عبوش ، فرهاد حاجى: ٢٠٠٥ ، الكوارث الطبيعية و أثرها في المناطق الكوردية في القرن ( ٢-٧ هـ / ٨ – ١٣ م ) ، مجلة جامعة دهوك، العدد (٢) ، مج ٨ ، دهوك .

٤٣-فغري ، الوصيف : د . ت ، في تاريخية الكوارث و الحوادث الطبيعية في العصور الوسطى الاسلامية ، مجلة الفسطاط التاريخية .( الفسطاط).

٤٤- امين زكي ،محمد: ٢٠٠٣ ، خلاصة تاريخ الكرد و الكردستان ، تعقيق ، محمد على عونى ، بيروت.

٤٥-خرم ،محمد عبد المعطى: ٢٠١٩ ، الكوارث والنكبات و أثرها في الحياة الاجتماعية والاقتصادية في العراق والمشرق الاسلامي خلال القرن الثالث ، عدد ( ٣٢ ) ، ج ٣ ، قاهرة .

٤٦-مها ، سعيد حميد: ٢٠١١ ، الكوارث والاوبئة في الموصل خلال العصر العباسي ، مجلة دراسات موصلية ، عدد (٣٣) ، موصل .

٤٧-مينورسكى :فلاديمير : ١٩٨٦ ، الاكراد ملاحظات واطباعات : ت . معروف خزندار مطبعة النجوم ، بغداد .

٤٨-ياقوت الحموى : شهاب الدين ابوعبدالله ياقوت الحموي الرومي البغدادي : ( ت . ٦٢٦ هـ / ١٢٢٩ م ) ، ١٩٩٥ ، معجم البلدان ، ط ٢ ، دار صادر ، بيروت .

## سەرچاوەكان :

## بە زمانی كوردی

١-خنسی ، بێوار: ٢٠١٢ ، ( كارەساتە سروشتی و مرۆیەكان ) لێكۆڵینەوەو توێژینەوە ، و: گەرمیان محمد احمد ، سلیمانی .

٢- بەدلیسی:شەرفخانی ( ١٠١٣ك – ١٦٠٤ ز ) : ٢٠١٠ ، شەرفنامە ( مێژووی ماڵە میرانی كورد) و: هەژار ، پەخشانگای پانیز ، ج٦ ، تهران .

٣- غفور:،عبداللە: ٢٠١٣ ، جوگرافیایی كوردستان ، بڵاوكراوەی ئەكادیمیایی كورد ، چاپخانەی حاجی هاشم ، چ ٦ ، هەولێر .

٤-عیزەت : ،فائزە محمد: ٢٠١٤ ، ژیانی كۆمەڵایەتی كورد لە نێوان سەدەكانی ( ٤ - ٩ ك / ١٠ -١٥ ز ) ، چاپخانەی موكریان ، هەولێر .

٥-محمد :، قادر محمد : ٢٠١٣ ، كوردستان لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی كۆچی ، دوازدەیەمی زایینی ، بڵاوكراوەی ئەكادیمیایی كوردی ، هەولێر .

٦-مەلا صالح : ملا محمد : ٢٠٠٤ ، پوختەی تەفسیری قورئانی پیرۆز ، چاپی هەشتەم ، لە بڵاوكراوەی كتێبخانەی تیشك ، سلیمانی.

٧- هەروتی ،مهدی عوسمان: ٢٠١٥ ، نەهامەتی و كارەساتەكانی كوردستان لە سەدەكانی ( ٦ - ٨ ك / ١٢- ١٤ ز ) ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .

٨-نیشتمان :،بەشیر : ٢٠٠٦ ،كەرد و سەلجوقیەكان ، ( لێكۆڵینەوەیەك لە پەیوەندیە سیاسیەكان ) ، ( ٤٢٠ – ٥٢٠ ك / ١٠٢٩ -١١٢٧ ز ) ، و : ئیدرس عبداللە مصطفى ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چ ٢ ، هەولێر .

٩-كاكە یاسین ،همزە : ٢٠١٣ ، حلوان لە سەردەمی خەلافەتی عەباسی تا ڕوخانی میرنشینی عەننازی .( ١٣٢ – ٥١١ ك / ٧٥٠ – ١١١٧ ز ) لێكۆڵینەوەیەك لە مێژووی سیاسی و شارستانی ، لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر .